http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.377

# سیمانتیکی زمان لای منالْ

تـارا عبدالله سعید[1] ئـاریا یاسین عبدالله[2]

[1]کۆلێجی زمان, زانکۆی سلێمانی

[2]بەشی زمانی کوردی ,کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت, زانکۆی گەرمیان

Arya.yasin@gamrian.edu.krd

## پوختە

زمان بە تـایبەتی زمانی منالْ, بوە بە خولیای دەروونناسەکانی سەردەم, ئەمەش تـا رادەیەك جێگەی سەرسوڕمانە, لە بەر ئەوەی هەموو کەس ئاگاداری ئەو ئاڵۆزییە زۆرەیە کە لە بەکارهێنان و گەشەی زمانی منالْدا هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەشدا خراوەتەڕو, لە بەشی یەکەمدا : باس لەو قۆناغانە ئەکات کە منالْ لە ڕێگەیانەوە فێری زمان ئەبێت, واتە لە دەوروبەرییەوە وەریدەگرێت, دیارە مەبەست زمانی دایکە. هەروەها باس لەو هۆکارانە دەکرێن کە کاریگەرییان لە سەر گەشەی زمانی منالْ هەیە. هەرچی بەشی دووەمە, هەوڵدراوە لە چەند خالێکدا چۆنێتی پەیوەستکردنی زمان, یان دانە فەرهەنگییەکان بە واتـاوە, لە ڕێگەی بـوارە واتـاییەکانی تـایبەت بە خۆیەوە, بخرێتە ڕو.

**کلیلی ووشەکان:** منالْ، سیمانتیکی زمان، گەشەی زمان، زمانی دایك

## پێشەکی

جیهانی سیمانتیك , جیهانێکی بێکۆتـاییە,هەرچەند تیایدا قوڵبییتەوە, هێشتا هستدەکەیت زۆر لایەنی هەیە, کە وردبوونەوەی زیاتری پێویستە.

سیمانتیك ئەو زانستەیەو کەلەواتـا دەکۆڵێتەوە, واتە پەیوەندییە سێگۆشەکەی (ئۆگدن و ریچاردز) (تـارا عبدالله : 1989: 100), زمان فێربوون لەسەر بنەمای تێگەیشتنەواتە لە ڕێگای واتـاوە , ئەمە راستییەکەو ڕەچاو دەکرێت لە فێربوونی زمانی دایکدا, کەواتە کاری تێگەیشتن لەساکارترین شێوەیدا دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین قۆنـاغی فێربوونی زمان, ئەویش سالْەکانی سەرەتـای ژیانی مرۆ دەگرێتەوە , کە منـالییە, بۆیە بە پێویستمان زانی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە بکەین بەنـاوی (سیمانتیکی زمانی منـالْ).

سیمانتیکی زمانی گەورەو سیمانتیکی زمانی منالْ جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە , تەنانەت لە قۆنـاغە سەرەتـاییەکانی زمانی منالْدا, بوارە واتـاییەکان زیاتر ئەم جیاوازییە دەخەنە ڕوو.

منالْ لەگەلْ دەستكردنی بە بەكارهێنانی زمان , زۆر شتی خۆش و سەیرو سەمەرە ئەهێنێتە كایەوە , شتی جوان , پرخوشی و هەندێك جاریش شتی سەرسوڕهێنەر, كەوامان لێدەكات تا رادەیەك را بمێنین, ئەم رامانە لەو رووەوەیە , كە ئایا ئەو منالە بەچ رێگایەك لەشتەكانی دەوروبەری تێدەگات و شییاندەكاتەوە, بە واتایەكی تر, ئایا منالْ هەر لەسەرەتای بەكارهێنانی زمانەوە و وەك كەسانی پێگەشتوو تێدەكات یان نا؟ ئەگەر نا كەواتە چۆن؟

وەلأمی ئەم پرسیارانە لە هەردوو بەشەكەی ئەم لێكۆلینەوەیەدا دەدرێنەوە.

لەبەشی یەكەمدا هەوڵدراوە قۆناغەكانی فێربوونی زمان لای منالْ بخرێتە روو لەوكاتەوە كە زمانی دەپژێت, هەتا تەمەنی شەش سالْ كە توانای فێربوونی زمانی خۆی و جیاكردنەوەی لە زمانانی تردا, پەیدا دەكات.

منالْ لە چوارچێوەیەكی دیاركراودا دەست بە بەكارهینانی وشە دەكات و پاشتر لە نێتۆركێكی(تۆڕ) سیمانتیكی گەورەتردا بەكارییاندەهێنێت , دواتریش فێردەبێت كە چۆن لەوبارە جیاییبكاتەوە و كە ئەم زانینەی لێوە بەدەستهێناوە.

لەبەشی دووەمیشدا هەوڵدراوە چۆنێتی بەستنەوەی وشە لە سێگۆشەكەی واتادا( بیر, ناونراو, ناو ) لەلایەن منالەوە بخرێتە رووو هەروەك چۆن زانا (جان پیاجێ —Jean piaget 1928) فێربوونی زانیاری سیمانتیكی لای منالْ شیكردووەتەوە لە رێگای دیاریكردنی سێ قۆناغەوە (قۆناغی پێناسە, ناسینەوە, بنەمای پەیوەندی نێوان شتەكان ) ئەم سێ قۆناغەی ( پیاجێ ) لە دووتوێی چەند خالێكدا( لاسایكردنەوەی لۆجیكی و پراگماتیكو ئامرازی ناساندن, سیمانتیكی ئاوەلناو, چەندێتی, هەلوێستە تەواوكارییەكان و دەق ) روونكراوەتەوە.

## بەشی یەكەم : وەرگرتن و گەشە سەندنی زمان لای منالْ

### سەرەتایەك لەسەر زمان و واتا

زمان پێویستییەكی كۆمەلأیەتی و شارستانێتییە , ئەو چالاكییەیە كە ژیانی هەموو مرۆڤ رێكدەخات, پێوانەیەكە كە ئەبێتە هۆی جیاكدنەوەی مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی دی, ئەو توانایەی مۆرڤە كە وەك توانای هەناسەدان و شیرخواردن و رۆیشتن , لەگەلْ لەدایكبووندا درووست نابێت, بەلكو هەموو مرۆڤێك پێویستە بە ئەزمونی بەدەستهێنانی زمانەكەی خۆیدا تێپەڕ بێت , لە رێگەی ئەندامانی كۆمەلەیەوە , جا لەو راستییە ئاگادار بێت یان بێئاگا بێت.

فێربوونی زمان لەلایەن هەر مرۆڤێكەوە , كارێكی ئاسان نییە و سالەكانی سەرەتای ژیانی منالْ هەموو بیروهۆشی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەكات هەتا وایلێدێت لە تەمەنی شەش سالێدا زمانی دایكی خۆی فێردەبێت و هەر بەهۆی ئەم فێربوونەشەوە لەناو كۆمەلدا هەست بە بوونی خۆی دەكات , لەو رۆژەوە منالْ یەكەم دەنگی سروشتی دەردەكات بەمەبەستی گەیاندنی كورتترین پەیام بە دەوروبەرەكەی, هەتا ئەو رۆژەی بەتەواوی زمان فێردەبێت, بەكۆمەلێك قۆناغدا تێپەر دەبێت.

زمان گەیاندنی پەیامە لە دەرەوەی زمان( محمد معروف فەتاح, 1990 , 51), واتاش لەگەل زمان دوو دیوی دراوێکن, تاکو واتای شتێك نەگاتە لای گوێگر , کاری تیگەیشتن رونادات, واتا پۆرسەیەکی هۆشەکییەو لە رێگای زمانەوە دەگەیەنرێتە دەرەوەی مێشکی مرۆڤ( احمد مختار عمر, 1998 , 11), هەڵسوکەوتی منالٚ بە پێی تێگەیشتنیان , واتایە بە پێی بیردۆزی رەوشتییەکانیش, رەوشت ئەو کاردانەوەیە کە بەرانبەر هۆشیار کەرەوەکان دەنوێنرێن( مجيد الماشطة: 1986 : 59).

### 1\1 وەرگرتنی زمان لای منالٚ

لە پاش ئەوەی زمانەوانان لەسەر چۆنێتی سەرهەڵدان و دروست بوونی زمان لای مرۆڤ نەگەیەشتن بە ئە نجامێکی تەواو, ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان گۆڕی بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی وەرگرتنی زمان لای منالٚ , بۆ ئەوەی لەرێگایەوە زانیاریان لەسەر چۆنێتی گەشەسەندنی زمان لای مرۆڤ دەستکەوێت , بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆر روانگەو تیۆرێ جیاوازەوە چۆنێتی وەرگرتنی زمان لای منالٚ دەستنیشان کراوە, لەوانە لایەنگرانی تیۆری لاسایکردنەوە کە پێیان وایە( منالٚ لەئە نجامی لاسایکردنەوەی ئاخاوتنی ئەو کەسانەی, کەلەژینگەکەیدا هەن,فێری زمان دەبێت , ئەمە لەکاتێکدا لایەنگرانی تیۆری هەرەمەکی پیان وایە مرۆڤ توانای وەرگرتنی زمانی هەیە لەگەڵ لە دایکبوونییەوە بەشێوەیەکی خۆرسکی (دانا تحسين محەمەد: 2018 : 43).

لایەنگرانی تیۆری رەوشتیش وەرگرتنی زمان دەگەڕێننەوە بۆ فێربوونی تاك بەهۆی ژینگەی دەوروبەرییەوە, کە لەرێگای کرداری پتەوکردن( التعزيز), دایکان و باوکان لە رێگای دوبارە کردنەوەی ئەو وشانەی کە منالٚ بۆ یەکە مجار دەریدەبڕێت, هەروەها پالپشتیکردنی منالٚەکە بۆ دوبارە کردنەوی, ئەو وشە لای ئەو منالٚە پتەو دەکەن .( مجيد الماشطة ؛1989: 44) .

بۆ ئەوەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمانی منالٚ بەشێوەیەکی تەواو و زانستیتر بخرێتە ڕوو, بۆچوونی هەموو تیۆرەکان تێهەڵکیش دەکەین.

### 2\1 قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالٚ

ئەو لێکۆڵینەوانەی, کە بۆ گەشەی زمانی منالٚ کراوە لەو راستییەنزیك بوونەتەوە, کە گەشەی زمانی منالٚ بە قۆناغ دەبێت و هەر قۆناغەش تایبە تمەندی خۆی هەیە , هەروەها هۆکارە ژینگەیەکانی وەکو: (دەوروبەر, ئاستی ئابوری, باری کۆمەلایەتی خێزان و کەسانی چواردەوری منالٚ ) وئاستی زیرەکی و رەگەز و نەخۆشییەکانی زمان لەسەر ئەم قۆناغانە کاریگەریان هەیە. وەرگرتن و پژانی زمان لای منالٚ پاشان گەشەسەندنی ئەو زمانە بە پێی سیستەمێکی کاتیی دیاریکراو دەبێت, بەشێوەیەکی گشتی لە لەدایك بوونەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی چوونە خوێندنگا , ئەم پرۆسەیەش بەهۆی توانست و ژینگەی زمانیی پێکەوە روودەدات.

قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان چەندین جۆر دابەشبوونی بۆ کراوە لێرەدا دەیکەین بە سێ پۆلەوە:

**یەكەم: قۆناغەكانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بە پێی ساڵی تەمەن.**

**1- ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵ.** لەمانگەكانی یەكەمی تەمەنی منداڵدا, گریان و قیژەی منداڵ هۆكارن بۆ دەربڕین لەو بارەی كەتیایدایە, تەمەنی منداڵ بەرەو هەڵكشان دەچێت و ئەندامانی خێزانەكەی بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو رۆژە دەكەن , كە ساواكەیان وشەیەك بدركێنێت و چاودێری ئەو پیتانە دەكەن كەلەزاری دێتە دەرێ و تا لەكۆتایدا یەكەم وشە دەدركێنێت , دواتر هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت , كە زۆر جار ئەستەمە لێیتێبگەیت بەكاردەهێنێت, بەڵام گوزارشت لەو شتانە دەكات كە لەناخیدایە. گەشەی فەرهەنگی زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا بەشێوەیەكە , كە كاتێك منداڵ ساڵی یەكەمی تەمەنی تەواو دەكات تیایدا وشەكانی لە گروگاڵەوە بۆ وشەیەكی تەواو دەگوازێتەوە, كە تیایدا توانای دەربڕینییەك وشەی هەیە لەبری یەك رستە دەریدەبڕێت , ئەم وشەیەش لەهەمان ئەو پیتانە دروستی دەكات , كە لەكاتی گروگاڵدا دەریبڕیوە وەك (دایە و بابە, دادە...هتد). (**ساجدة أبو صوي : 2017** )

لەم قۆناغەدا پەیوەندییەكی توند وتۆڵ لە نێوان هەردوو گەشەی (جەستەیی و زمان) ی منداڵ پەیدا دەبێت ,هەرسی گەشەی (جەستە, مێشك, كۆمەڵایەتی)ی منداڵ پێكەوە كاردەكەن و فەرهەنگی زمانی بەشێوەیك گەشەدەكات كە توانای دەربڕینی دوو وشەی دەبێت پێكەوە لە شێوەی رستەدا , كە زۆربەی جار جگە لە ئەندامانی خێزانەكەی, كەسانی تر لەو دەربڕینانە تێناگەن, نزیكەی (30 ) وشەیەك دەچێتە فەرهەنگی زمانییەوە و ئەمەش رێژەیەكی جێگیر نیە لای هەموو منداڵان , واتە لە منداڵێكەوە بۆ منداڵێكی تر دەگۆڕێت تەنانەت هەندێك منداڵ توانای دەربڕینی سێ وشەی هەیە. لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵی بەكارهێنانی زمان دەدات بە شێوەی تایبەت بەخۆی تیایدا گەیاندنی بیرۆكەكانە بە كەمترین وشە واتە ئابوری لە وشەكان دەكات و بەكورتی ناویان دەهێنێت.بۆنموونە:

-ئاو,,,,,,,,,یانی ئاوم دەوێت.

-ئاوەكە...........یان ئاوەكە بوو.........(رەنگە تەڕ بووبێت و مەبەستییەتی بڵێت ئاوەكە تەڕی كردم). ئەوەی گرنكە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت ئەوەیە كە نابێت دەوروبەر فەرامۆش بكەین بۆ تێگەیشتن لە پەیامی ئەو دەربڕینەی كە منداڵەكە دەریدەبڕێت.

**2- لەدوای ساڵی سێیەمەوە**

لەم قۆناغەدا منداڵ توانای بەكارهێنانی نزیكەی(دەهەزار) وشەی هەیە تا كۆتای ساڵی شەشەم ژمارەی دانە فەرهەنگییەكانی دەگات بە نزیكەی (دوو هەزارو پێنجسەد) وشە, بە شێوەیەك توانای دروستكردنی رستەی جۆراوجۆری دەبێت ئیتر بۆ ژینگەی خوێندنگاو ئامادەیە بۆ ئەوەی دەستكەوتە زمانییەكانی گەشە بكات لەوێدا فێری ئەوە دەكرێت , كە پەیوەندی دروستبكات لەنێوان وشەكان و فۆرمەكانی و تەنە بەرجەستەكان هەروەها شارەزای لە بیروكەكان و بەكارهێنانیان لە رستەدا

پەیدادەکات.( سناء الدويكات :2018 ) لاوازی ئەم جۆرە دابەشکردنە لەوەدایە , کە مەرج نیە هەموو منالێك وەکو یەك لەم قۆناغانە کە دیارکراون گەشەی زمانیان هەبێت و زمان وەکو یەك لەم کاتانە کە دەستنیشانکراون , وەربگرن.

**دووەم\ قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالٚ بە پێی گۆڕانی فسیۆلۆجی جەستەی.**

1-قۆناغی لەدایکبوون.

2-قۆناغی دانیشتن.

3-قۆناغی بەسکرۆیشتن.

4-قۆناغی رۆیشتن بە یارمەتی.

5-قۆناغی رۆیشتن بەبێ یارمەتی

6-قۆناغی چونەدەرێ

7-قۆناغی چوونەقوتا بخانە.(دانا تحسين محمد :2008 :53)

لاوازی ئەم پۆلێنکردنەش لەوەدایە کە مەرج نیە گەشەی زمانی منالٚ لەگەلٚ ئەم قۆناغانە هاوکات بن , چونکە وەك ئەوەی زانراوە هەندێك منالٚ گەشەی جەستەی پێش گەشەی زمانی دەکەوێت بۆنموونە : هەندێك منالٚ قسەکردنی پێش پێگرتن و هەنێکجاریش دان دەرهێنان دەکەوێت , سەرەڕای هەندێك جیاوازی تری وەکو ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری خێزان .

**سێیەم : قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالٚ بە پێی گەشەی عەقڵیی .**

**1- قۆناغی پیش وشەی یەکەم**

کاتێك ساوایەکی تازەبوو دێتە دونیاوە ئامێری دەنگی هێشتا توانای دەربڕینی وشەی نیە و ئەم توانایەی بۆ دروست دەبێت لە پاش پێگەیشتنی ئامێری ( عصبی ) ناوەندی و لەم غۆناغەدا دەنگەکانی لەشێوەی قیژە دەردەبڕێت و دواتر دەگۆڕێت و گەشە دەکات بۆ گروگالٚ.

**ا-(قیژە, گریان)**

ئەم قۆناغە لە یەکەم چرکەی لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات , لەوکاتەی کە منالٚ دێتە دونیاوە جەستەی تەڕوو شێدارە و گەرمە و لە ئە نجامی بەرکەوتنی لە پڕی هەوای سار بۆ جەستەی بیزاری دەکات هەروەك بۆ یەکە مجار سییەکانی ئەو ساوایە پڕ دەبن لە هەواو لە پڕ دەکرێنەوەو لەئە نجامی کشانی سییەکان منالٚی تازە بوو هەست بە ئازارێك دەکات و ئەمانە وادەکات کە

ئەو ساوایە بگیرێت لە نێوان ماوەکانی (2-4) خولەکی سەرەتای لەدایکی بوونی ئەم حاڵەتەش ناسراوە بە (کاردانەوەی گریانی سارد) , ئەم کاردانەوەش بەردەوام لەمناڵدا دەبینرێت لە چەن مانگی یەکەمی تەمەنی هەرکاتێك هەست بە بێزاری و نائارامی بکات (**عائشه اسامه** :2014) .

**ب-گروگاڵ**

کۆمەڵە دەنگێکە لە ئە نجامی دلخۆش و ئاسودەی لای ساوا , کە لەمانگی سییەمی یاخود ناوەڕستی مانگی دووەمەوە و بەردەوام دەبێت تا کۆتای ساڵیٚ یەکەمی تەمەنی مناڵ .

لەم قۆناغەدا ساواکە خۆی دەدوێت بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت وەلامی دەنگەکانی بداتەوە ئەو دەنگانەش کەدەریدەبڕێت بە شێوازێکی هەرەمەکییەو هیچ پەیوەندیکیش نیە لە نێوان ئەو دەنگانەدا.

لێرەدا هەنگاوەکە بە دەنگەکانی گەروو دەست پێدەکات وەکو (ااااااا), هەوا بەئاسانی لە گەرو دەردەپەڕێت و دێتە دەر بۆ زاری بەبێ هیچ گرێ و بەربەستێك لە دەر بڕینی ئەم دەنگە , دواتر پێتە زارییەکان دەستپێدەکات وەکو( بببببببب ) دواتریش پیتە زمانی و ددانییەکانی وەکو ( ددددددد ) و هەروەها پیتە لوتیەکانی وەکو ( نننن ) (**عزيز سمارة – عصام النمر – هشام الحسن** :2008), دوابەدوای درکاندنی ئەم پیتانە توانی جولاندنی زمانی لادروست دەبێت بۆ دەربڕینی دەنگەکان و بۆ جوڵەی خۆ ویستانەی زمانی زاڵ دەبێت, لە پاشان قۆناغی برگە دەستپێدەکات و دوو دوو ئەم پیتانە لێکدەدات بۆ دەربڕنیان بەشێوەی برگە( دا, با... هتد )( **محمد الزين** :2006؛ 2).

هەرچەند لەم قۆناغەدا مناڵ توانای دەربڕینی دوبارەوە بووی برگەکانی هەیە وەك0بابابا , دادادادا ) کە رەنگە ئەندامانی خێزانەکەی دڵخۆش بن بەوەی منالەکەیان ناویان دەهێنێت و دایەوە بابە دەڵێت , بەلأم ئەم دەربڕینانە هیچ واتایەك و ئاماژەیەك نیە بۆشتێك لای ئەو مناڵە جگە لە دەربڕینی هەرەمەکی یاخود لاسای کرنەوەی کەسانی دەوروبەری.

**2- قۆناغی وشەی یەکەم**

لەم قۆناغەدا مناڵ توانای دەربڕینی وشەیەکی بۆ درووست دەبێت کە بەپێی رای زۆرینەی لێکۆڵەران کاتەکەی لەنێوان تەمەنی ( ساڵ بۆ ساڵ ونیو تا دەگاتە دووساڵ) ە هەرچەندە دیاریکرنی تەمەن بۆ ئەم هەنگاوانە نابێت بەتەواوی پیشتی پێبەستریت , چونکە هۆکارەکانی ژینگەو دەوروبەر و تایبە تمەندی فسیولۆجی لە نێو منالأن وەکو یەك نیە , لەم قۆناغەدا مناڵ نزیکەی( 50 ) وشە لە فەرهەنگی زمانی کۆدەبێتەوە.

مناڵ ناتوانی بگات بەم قۆناغە ئەگەر چەمکی ( جێگیربوونی وینەی هۆشەکی )( دوام الشیء )ی لا دروست نەبوبێت, واتە وینەی شتەکان لە هزریدا جێگیر بووەو دەیانناسێتەوە ئەگەرچی بەشێوەیەکی بەرجەستە لە پێش چاویشی نەبێت, پتەو کردنی

ئەم جێگیربوونە تواناى دروستبوونى واتا دەبەخشێت بەو منالە یاخود تونای تێگەشتن وناسینەوەی دەنگەکان کە گوێبیستیان دەبێت,کەواتە لەم قۆناغەدا منالّ تواناى دەربڕینی وشەو وێناکردنی شتەکانی دەوروبەری پێکەوە لا دروستدەبێت.(**عزیز سماره - عصام النمر - هشام الحسن** :2008).

کەواتە ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغە لەو رووەوە کە پەیدا بوونی واتای شتەکانی دەوروبەر لای منالّ لەم قۆناغەدا دەست پێدەکات.

### 3- قۆناغی رستەی یەکەم

لەدەستپێکی ئەم قۆناغەدا منالّ یەك وشە بەکار دەهێنێت لەبری یەك رستە بۆنموونە , کە دەڵێت( کاکە ) واتە ( کاکەم دەوێت ) یاخود( کاکە لێیدام ) یان ...هتد ئەمەش دەکرێت هەندێك واتای تر لەخۆبگرێت بە پێی چوارچێوەی بەکار هێنان و دەوروبەر, نزیکترین کەسی خێزانەکەی و کە زۆرجار دایکییەتی , دەزانێت مەبەستی چیە یاخود لە رێگای گۆڕینی ئاوازەکەی لەمەبەستی تێدەگات بۆ نموونە منالّ , کەبەهێواشی و کورتی وتی ( بابە ) یانی دەیەوێت ناوی بێنێت بەلأم کە وتی ( باااابە ) بە بەرزکردنەوەی دەنگ و درێژکردنەوەی یانی بابەی دەوێت و چەندین واتای تریش هەڵدەگرێت .

لە پاش ئەم قۆناغە قۆناغی بەکار هێنانی دوو وشە لەرستەیەکدا دەستپێدەکات , تیایداتەمەنی منالّ نزیکەی دوو سال بەسەرەوەیە و کۆمەڵێ رستەو فرێزی دوو وشەیی دەتوانی دروستبکات, تا ساڵەکانی سێیەم و چوارەمی تەمەنی منالّ بەتەواوی و هاوشێوەی مرۆڤێکی گەورە دەتوانێت لە رستەیەکی دوو وشەی بەسەرەوە یاسا دەنگیەکان و سینتاکسیەکان دروستی و بەبێ هیچ بەربەستێك لەدەربڕینی رستەکانیدا جیبەجێ بکات.( **رشا ابو ئیلان** : 2014 ).

### 3\1: بەستنەوەی وشە بە واتاکانیانەوە لای منالّ

وشەکان دەربڕێنێکن کە واتایان هەیە, هەموو وشەیەك ئاماژەیە بۆ شتێك یان دیاردەیەك, منالّان فێری دەربڕینی وشەکان دەبن بەلأم چەند قۆناغێکیان پێوست دەبێت کە تێیپەڕێنن بۆ گەیشتن بەو ئاستەی پەیوەستی بکەن بە واتاکانیان, بۆئەوەی منالّ واتای شتەکان بزانێت پێویستی بەجێگیربوونی وێنەی هۆشەکی هەیە لە ناو مێشکیداوە واتا شتەکانی دەوروبەری بناسێتەوە ئەگەرچی لە پێشچاویشی لابرێن بەناوهێنانیان وێنەکان لەناو مێشکیدا جێگیر بوویێت و وێنای بکات.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی چۆنێتی گرێدانی وشە بە واتاکانیانەوە دەیانکەین بە چەند هەنگاوێك.

### هەنگاوی یەکەم : درکاندنی وشەکان بەبێ پەیوەستکردنەوەی بە واتاکان

لەم قۆناغەدا منالّ تووتی ئاسا وشەو دەربڕینەکان دەدرکێنێت تەنها بەهۆی کرداری لاسای کردنەوە , بۆنموونە کە پێی بلێی ( دادە ) یان هەر وشەیەکی تر لە دواتەوە دەیلێتەوە تا وایلێدێت بەبێ ئەوەی تۆ پێیی بلێیت لەبەرخۆیەوە ئەو وشانە دەلێتەوە

, ئەندامانی خێزانەکە بەمە خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە مناڵەکەیان فێری وشەکان بووە و هەکاتێك مناڵەکە وشەکان دەدرکێنێت لە ئامێزی دەگرن و ماچی دەکەن و دڵخۆش دەبن بە مجۆرە کرداری(التعزیز) پتەوکردن لای ئەو مناڵە بۆ ئەو وشەیە دروستدەبێت و دەزانێت لەگەڵ وتنی ئەوە وشەیە لەباوەش دەکرێت یان خێزانەکەی خۆشی بۆ دەکەن, ئیتر لێرەوە ئەو مناڵە بەرەو هەنگاوێکی نوێ دەچێت , ئەوەیش درکاندنی دەستەواژەکانە بەلآم بە بەستنەوەیان بە بە واتاکانیان .

**هەنگاوی دووەم:تەسك بوونەوەی واتا**

لەسەرەتای فێربوونی وشەدا , وشەیەك بە یەك شت یان روداو پەیوەست دەکات,بۆ نموونە , کە دەڵێت ( پاپە ) مەبەستی تەنها جووتە پێڵاوەکانی خۆیەتی و پێی وایە تەنها بەوە دەگوترێت ( پاپە ) و پێلآوەکانی تر ( پاپە ) نین, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئەزموون و زانیارییەکانی مناڵ لەو تەمەنەیدا.

**هەنگاوی سێیەم : قۆناغی لێکچواندن**

لەم قۆناغەدا مناڵ ئەو شتانەی دەوروبەری کە شێوەکانیان لەیەکدەچن بەیەك دەچوێنێت و لەژێر یەك ناو کۆیاندەکاتەوە بۆ نموونە بە ( پرتەقاڵ , سێو , میزەلآن... هتد ) دەڵێت ( تۆپ ) چونکە هەمان شێوەیان هەیەو خڕن .

**هەنگاوی چوارەم : قۆناغی جیاکردنەوەی ناتەواو**

لەم قۆناغەدا مناڵ درك بە لێکچوونی نێوان شتەکان دەکات و کۆمەڵ کۆمەڵ ئەو شتانەی دەوروبەری کە هاوشێوەن لە ژێر یەك ناو کۆدەکاتەوە بوارێکی تایبەت بەخۆی پێکدەهێنێت بۆنموونە بەهەموو ئاژەڵکی چوارپێ وەکو ( سەگ, مەڕ , مانگا, کوێ درێژ) دەڵێت ( بەعە ) و بەهەموو خواردنێك دەڵێت ( حەم ), هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی دانە فەرهەنگییەکانی ئەو مناڵە, کەلەفەرهەنگی زمانیدا وشەی نییە بۆ جیاکردنەوەی ناو بۆ واتا جیاوازەکان, بۆیە جیاکردن و پۆلێن کردنەکەی ناتەواوە.

**هەنگاوی پێنجەم : قوناغی جیاکردنەوەی تەواو**

لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەوەی کە مناڵ چەندین واتاو وشە لە فەرهەنگی مێشکی زیاد دەکات , بەشێوەیەکی دروست ناو لەشت و دیاردە جیاوازەکانی دەوروبەری دەنێت, وەك ئەوەی کە لەدەوروبەرەوە وەریدەگرێت بۆنموونە (برنج..........برنج) ە و (مانگا..... بەعە ) یەو (سەگ.....کوتە ) یە ئەمەش لە مناڵکەوە بۆ مناڵکی تر دەگۆڕێت.(**عزیز سمارة – عصام النمر – هشام الحسن : 2008**).

**ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر گەشەی زمانی مناڵ هەیە**

**1-ئاستی زیرەکی** : مناڵ چەند زیرەکتر بێت , ئەوەندە زووتر زمان وەردەگرێت و توانای دەربڕینی زیاتر دەبێت.

**2-ریزبەندی منالّ لە نێوان خوشك وبراكانی:** هەمیشە منالّی نۆبەرە زوتر لە منالەكانی پاش خۆی گەشەی زمانی لای روودەدات, چونكە كات و توانایەكی زیاتر لەلایەن دایك و باوكەوە تەرخان دەكرێت بۆ فێركردنی یەكەم منالّ.

**3-ئاستی ئابووری و كۆمەلایەتی:** هەرچەندە ئاستی ئابوری و كۆمەلایەتی خێزان بەرز بیت, ئەوەندە ئەو چالاكییانەی لەگەلّ منالّ ئەنجامدەردرێن زۆر تر جۆراوجۆرتر و رێكوپێكتر دەبێت, ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منالّ كومەلێك دانەی زمانی لەدەوروبەر وەرگرێت و ببێت بە خاوەنی توانایەكی باش بۆ زووتر فێربوونی زمان.

**4-ژمارەی ئەندامانی خێزان:** هەرچەندە ژمارەی ئەندامانی خێزان كەمتر بێت , زیاتر كات و هەلەمەرجی گونجاو دەبێت بۆ منالّ, كە زووتر لەكاتی خۆی فێری زمان ببێت, دایك و باوك باشتر ئەتوانن لە نزیكەوە منالّ فێری زۆر دانەی فەرهەنگی بكەن, كە خۆی بەتەنها كاتی زۆر تر دەوێت بۆ ئەوەی فێریان ببێت.

**5- رەگەزی منالّ:** هەندێك لە لێكۆلینەوەكان دەریا نخستووە كە منالّی مێ پێش چوونە قوتابخانە زووتر لەمنالّی نێر فێری زمان دەبێت.( Patrick suppes , 108 ).

**6- ئاستی رۆشنبیری و پیشە:** ئاستی رۆشنبیری و ئەو پیشەیەی كە دایك و باوكی منالّ, هەیانە كاریگەری دیاری هەیە لەسەر كورتكردنەوەی ماوەی فێربوونی زمان لای منالّ.

بۆ ئەم خالّە داتایەكمان لەبەردەستە لەسەر منالێك بەناوی ( پروشە هەڤالّ) كە كچی دایك و باوكێكی هەلگری بڕوانامەی دكتۆران و مامۆستای زانكۆن, باوكی پروشە پیشەكەی سیاسی و كارگێرییە و هەمیشە چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەلّ دەكرێت , ئەم باوكە ئەو منالانەی كەلە پروشە گەورەترن وا راهێناوە , كە پاش هەموو چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنی خۆی , رایان وەربگرێت لەسەر ئەو قسانەی كە كردوونی بەرێكەوت رۆژێك لەكاتی وەرگرتنی رای منالەكانی , لە پر پروشەی تەمەن چوارسالّ هاتە وەلام و وتی **"بابەتەكانت هەمووی بێینەما بوون"** باوكیشی ویستی بزانێت كچە تەمەن چوارسالّەكەی دەزانێت (بنەما) یانی چی , پرسی , **بۆ؟** پروشە وتی" **تۆ باسی( ئەنفال و شەری برا كوژی و ...هتد) ت كرد لەكاتێكدا منالّی تەمەنی من نازانێت ئەمانە چین!!"**

دكتۆر هەڤالّ لە چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنیی داهاتودا وتی:**"منالّەكەم رەخنەی ئەوەی لیگرتووم, كە گوایە و ئێمەی گەورە بەزمانی ئەوەی نویّ قسەناكەینو بۆیە تێگەیشتن روونادات."**

پروشە د یسان لەسەر ئەمە رەخنەی هەبووو وتی:" **بابە من ئەو رەخنەیەم لیگرتیت كە لەنێوان هەردووكمان بێت نەك بۆ بلاوكردنەوە."**

ئەم زانیارییەی سەرەوە روونی دەکاتەوە کە تاچەن پیشەی دایك و باوك و ئاستی رۆشنبیرییان کاریگەرییان لەسەر زووتر فێربوونی منالٚ هەیە, بەتایبەت ئەو دانە فەرهەنگیانەی کە تێگەیشتنیان تەنانەت لای گەورەش ئاسان نیە

**بەشی دووەم:واتاسازیی زمانی منداڵان**

خولیای زمان بەلای منالەوە بووەتە یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی دەروونناسیی سەردەم، بەهۆی ئالۆزیی وپەرەسەندنی زمانەوە لەلای منالن لە بوارەکانی فۆنۆلۆجی وتێگەیشتنی سیمانتیکیانە وپەرەسەندنی سینتاکتیکی وریزمانیی. بەهۆی ئەزمونمان لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەم بوارەدا هەست دەکەین بایەخێکی ئێجگار زۆر بە سینتاکس یان رێزمان، و زۆر کەمتریش گرنگیی بە سیمانتیك دراوە. بۆیە دەمانەوێت هاوسەنگیی بگێرینەوە لەرێی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لە سیمانتیکی ئاخاوتنی منالدا, دەروونناسان زۆر گوێبیستی ئەوە دەبن کە لە بارەی سینتاکسەوە لەلایەن زمانەوانانەوە دەوترێت، وئەمە گوازراوەتەوە بۆ سیمانتیکیش. لە کاتێکدا کە زمانەوانان خولیایەکی کەمی قسەکردنیان لەبارەی سیمانتیکەوە هەیە، بەلاّم لە ژیربێژیی وفەلسەفەدا ترادسیۆنێکی دەوڵەمەند هەیە کە دەکرێت لە شیکردنەوەی سیمانتیکی ئاخاوتنی منداڵدا بەکار بهێنرێت.

**1\2 لاسایکردنەوەی لۆجیکییانە**

هەرچەندە ئەو لاسایکردنەوەیە لە (**فریَج**:1879 ؛ 80) ەوە دەست پێدەکات مێژوویەکی نافەرمی هەیە کە دەگەرێتەوە بۆ ئەرستۆ، وەك باسکردن وشیکردنەوەی واتایی بۆ گوتراوێك، بەلاّم لێرەدا باس لە مێژووی ئەو پەرەسەندنە ناکەین. یەکێك لە رێگەکانی شیکردنەوەی واتایی بۆ گوتراوێك ئەوەیە باس لەوە بکرێت کە لەژێر چ بارودۆخێکدا ئەو گوتراوە رەزامەندیی وەردەگرێت. لە رستە هەواڵیەکاندا، ئەمە دەبێتە لە خستنەرووی مەرجەکانی بەراستگەڕان (راست کەوتنەوە)، لە حاڵەتی پرسیاردا مەرجەکانی وەلاّمی راست، ولەحاڵەتی فەرماندا مەرجەکانی وەلاّمدانەوەیە بەشێوەیەك کە فەرمانەکە ڕازیی دەکات. رەنگە دواى (فریَج) گرنگترین هەنگاو بریتی بوو بێت لەوەی (**تارسکی**-1935)( Patrick Suppes ؛ 1974 :. 103 ) شیکاری تارسکی بۆ چەمکی راستیی تایبەت بووە بە زمانی فەرمیی. ئەوەی پێی دەوترا تیۆری نمونەکان (مۆدیلەکان) لە لۆجیکدا، کە بریتی بوو لە تیۆری سیمانتیکی زمانی فەرمیی، کەسانی دەرەوەی زمانەکەوە تاڕاددەیەك هەتا ئەم دواییانە دەستیان پێی نەدەگەشت. هەموو ئەو کێشە فیکرییانەی دێنە رێی تیۆرێکی شیاو بۆ سیمانتیکی زمانی منالْ ناکرێت بە بەکارهێنانی ئەو چەمکانە چارەسەر بکرێت کە لە تیۆری ژیربێژیی وەرگیراون. دواتر لەسەر ئەم خاڵە زیاتر دەدوێین.

بیرۆکەی سیمانتیکیی سەرەتایی ئەوەیەکە رستەیەك یان کۆمەڵە رستەیەك رەزامەندبکرێن لە نموونەیەك (مۆدێلێك)دا. بیرۆکەی پێشبینیکراوی ئەو رەزامەندییە نزیکە لە چەمکی پیشبینیکراوی راستیەوە. رستەیەکی زمانێك بریتی دەبێت لە سەرەنجامێکی ژیربێژیی بۆ رستەی دووهەم تەنها کاتێك کە رستەی یەکەم رەزامەنکرابێت لە هەر مۆدێلێکدا کە تیایدا دووهەمیش رەزامەند دەکرێت. جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکانە بەسەر زمانی منالدا سێ جۆر گرانیی دێتە رێگەی.

1-سینتاکسی زمانی منداڵ ئاڵۆزترە لە زمانی فەرمیی سەرەتایی.

2- بیرۆکەی بەهەندگرتنی هەر مۆدێلێکی گۆکردنی مناڵ وادەردەکەوێت کە زۆر بەربلاو بێت وبیرۆکەیەك لەبارەی سەرەنجامەوە دەخاتەوە کە زۆر گشتیی دیارە.

3- رستەکانی زمانی فەرمیی سەرەتایی لەواتاکەیاندا لەخۆگرتوون کە پەیوەندیدارە لەگەڵ مۆدێلێکدا کە دەکرێت بە ئاسانیی وەسف بکرێت. لە حاڵەتی ئاخاوتنی مناڵدا، لێلییەك لە سیاقدا هەیە و هاوکات پشتبەستنێکی زۆریش هەیە بە سیاق کە ئاسان نیە بە هیچ بیرۆکەیەکی روونی مۆدێل مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

### 3\2 سیمانتیکی دەوروبەر ( پراگماتیك )

رووبەڕووبوونەوەی یەکەم کێشەی سینتاکس بەوە دەبێت کە شیکردنەوەی سەرەتایی سنووردار بکرێت بۆ ئەو بەشەی زمانی مناڵ کە دەکرێت رێزمانێکی ئازاد لە سیاقی تێدا بنووسرێت. ئەو سیمانتیکە لە دوو بەش پێکدێت:

1- پێدانی واتایەکی فەرهەنگیی بەو وشە تاکانە یان گرێیانەی لە ئاخاوتنی منداڵدا روو دەدەن، کە ئەگۆرێت بەپێی سیاقەکان بەشێوەیەك کە یەکدێتەوە لەگەڵ مۆدێلی جیا لە بۆنەی جیادا.

2-دەستەبەرکردنی یاسا بۆ ئەوەی واتا فەرهەنگییە تاکەکان بخرێنە پاڵ یەکتر بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکتیکی گوزارشتەکە بەوەی ئەرکێکی سیمانتیکی بدرێت بە کۆکراوەی واتا فەرهەنگییەکان لە هەر یاسایەکی بەرهەمهێنان لە رێزماندا. بۆ هێنانەوەی نمونەی شیکاریی، چوار بابەت بەهەند دەگرین: ئامرازی ناساندن، وئاوەڵناو، وبڕەدەرخەرەکان، وگوزارشت لە هەڵوێستی تەواوکارییانە لە ئاخاوتنی منداڵدا.

### 4\2 ئامرازی ناساندن

لەکوردیدا ئامرازی ناساندن لە سەرەتایەکی زووی ئاخاوتنی پێکەوەبەستراودا لەلایەن منداڵی گەنجەوە بەکارنایەت ، بەڵام زووتر دەردەکەوێت. لەلای مناڵێك بەناوی ( ئاگا ) هەر زوو کە ئەو گەیشتە تەمەنی دوو ساڵان ئەم بەکارهێنانە بە چەندبارەیی دەبینرا.

(بێرتراند رەسڵ-1905 ) ( سەرچاوەی پێشوو ), نووسینێکی بەناوبانگی هەیە دەربارەی وەسفە ناسێنەرەکان کە تیایدا ئەوە دەردەخات کە چۆن ئەو وەسفانە دەکرێت لابرێن لەبەر خاتری چەند چەمکێکی لۆجیکییانەی سەرەتاییتر. نمونەکەی بریتیە لە ( دوکاندارەکەی ئێستای گەڕەکەکەمان سەرڕووتاوەیە. ) بۆ شیکردنەوەی ئاخاوتنی منداڵ یان گوتەی نافەرمیی پێگەیشتوان، ئەوەی رەسڵ وئەدەبە لۆجیکیە هاوتاکانی دەربارەی وەسفە ناسێنەرەکان رەنگە نەتوانن رێبازێکی دروست بخەنە روو، چونکە ئامانجی ئەو شیکردنەوەیەی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ زمانی گوتراودا دەکات ئەوەیە کە سیمانتیکێك بخاتەروو کە تەواو گونجاو بێت لەگەڵ سینتاکس. دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە حاڵەتی ئامرازی ناساندندا ئەرکی دروستی سیمانتیك بۆ

یاسای بەرهەمهێنان بریتی نیە لە یەکتربڕیین، بەڵکو تەنها ئەو کاتە بریتیە لە یەکتربڕیین کە هەموو شتێك ئاسایی بێت. پێویستە شیکارەکە بگۆڕێت کاتێك ئامرازی ناساندن لەگەڵ گرێیەکی ناویی کۆدا بەکاردێت. ئاگا دەڵێت: من سندوقە گەورەکانم دەوێت. ) لەم حاڵەتەدا، ئەرکی سیمانتیکیی داواکارییەکی سەرەکیی جیاواز دەخاتەروو. لە بری بەرکارێکی تاك وتەنها لە یەکتربڕینەکەدا، پێویستە بەلایەنی کەمەوە دوو بەرکار هەبێت بۆ واتایەکی ئاسایی بۆ ئەوەی پێیدا تێپەڕێت.

بۆ ئەوەی ئاستی دووبارەبوونەوەی هاتنی ئامرازی ناساندنتان لەلای حاڵەتی ئاگا بۆ بەرجەستە بکەین، ئاخاوتنی ئاگا بەشێوەیەکی دەوریی تۆمار کراوە هەر لە تەمەنی 23 مانگییەوە بۆ 39 مانگیی، بە کۆکراوەی 102,230 گوتراو، کە 4,144 حاڵەتی هاتنی( ەکە ) ی تێدا بووە. بۆیە ئەوە داواکراوە لە هەر سیمانتیکیکی سیستەماتیك لە ئاخاوتنی **ئاگا** دا کە شیکارێك بخاتە بەردەست بۆ ئامرازی ناساندن. بەدڵنیاییەوە، سیمانتیکی ئاوەڵناوی نواندن زۆر نزیکە لە سیمانتیکی ئامرازی ناساندن. لە حاڵەتی نینا, کە منالێکی ترەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئاخاوتنی کراوە، 2,075 حاڵەتی هاتنی ( that )، و1,497 جار ( this )، و246 جار ( these )، و341 جار ( those ) هەبووە.

### 5\2 سیمانتیکی ئاوەڵناو

قسە پێکەرانی زمانی دایکی کورد هەموو دەڵێن (کتێبێکی سووری گەورە) یان (سندوقێکی شینی بچوك). روونکردنەوەیکی سیمانتیکی هەیە بۆ ئەم ریزکردنە جێگیرە، وئەم ریزکردنە لە ئاخاوتنی منداڵی لاویشدا هەمان شتە بەبێ هەڵەکردن هەرلەو کاتەوەی گرێیەك بەرهەم دێنن کە ئاوەڵناوی قەبارەی تێدایە، سەرباری ئاوەڵناوی ڕەنگ و هەندێ ئاوەڵناوی تر کە تایبەتن بە پۆلێنکردنی ئاسانەوە. لە حاڵەتی نینادا 370 جار هاتنی (گەورە) و674 جار ( بچوك) هەیە.

ئاوەڵناوی توندیی یان چڕیی جۆراوجۆر لە پێش ئاوەڵناوی پۆلێنکردنەوە دێت. لەم هێلکارییەی خوارەوەدا کۆمەڵێك خاڵ دەبینین لە ریزی سەرەوەدا کە ( G ) بۆ سەوز و( R ) بۆ سوور ئاماژە کراوە. ئەگەر پرسیار بکەین لەبارەی واتای فەرهەنگیی ( خاڵێکی گەورە )وە، ئەوا ریزی داهاتوومان دەبێت، کە خاڵێکی تەنهای گەورەیە. ئەگەر پرسیار بکەین لەبارەی واتای فەرهەنگیی ( خاڵە گەورە سوورەکە )وە، ئەوا واتایەکی فەرهەنگیی نەبوومان دەبێت، چونکە سەرەتا ئێمە بە ( خاڵێکی گەروە ) دەست پێدەکەین، کە سەوزە، دواتریش داوای سوور دەکات کە هیچ خاڵێکی گەورە نیە کە سوور بێت.




ریزی خاڵەکان

خاڵی گەورە

خاڵێکی گەورەی سوور

خاڵی سوور

خاڵێکی گەورەی سوور

هێڵکاریی (واتای فەرهەنگیی چەند گرێیەکی ناویی کە ریزبوونی ئاوەڵناوەکانی وەسفکردن روون دەکاتەوە) (Laura Wagner :2010 20)

لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر بپرسین کامەیە (خاڵی سوور)، دوو خاڵی سوورمان دەبێت. دواتر ئەگەر بپرسین کامەیە (خاڵە سوورە گەورەکە)، ئەوا ئاوەڵناوی توندیی یان چڕکردنەوەی (گەورە) جێبەجێ دەکەین وئەو خاڵەیان کە گەورەترە هەڵی دەبژێرین. من پێم وایە شیکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە جیاکاریی دەکات لە نێوان ئەرکێکی سیمانتیکیی کە پەیوەندیی بە ئاوەڵناوێکی وەك (سوور)ەوە هەیە لەبەرامبەر ئاوەڵناوێکی وەك (گەورە)دا، لە نزیککردنەوەکەیدا راستە وتێگەشتنێکی بەسوود دەخاتەروو لەبارەی وردەکاریی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەوە لە کوردی دا .

## 6\2 بڕدەرخەرەکان، چەندێتی (Quantifiers) :

بۆ ئاسانکاریی تەنها بڕدەرخەرە کلاسیکیەکان باس دەکەم، (هەموو) و(هەندێك). ئەرستۆ نمونە دێنێتەوە ودەڵێت: هەموو مرۆڤەکان دەمرن (مردوون)، هەندێك لە مرۆڤەکان بالآبەرزن. فەیلەسووفێك لە نووسینێکیدا دەڵێت تیرۆی (predication) وبڕدەرخەرەکان وەك دیارترین تایبە تمەندیی مرۆڤ لەبەرامبەر بیرکردنەوەی بوونەوەرە نامرۆییەکاندا دادەنرێت. من دڵخۆشم بە گەیاندنی ئەوەی کە نینا ومنداڵەکانی تری وەك ئەو وادەردەکەون کە ئەم بابەتانە بەباشیی لەژێر کۆنترۆڵیاندایە لە تەمەنێکی زۆر زووەوە.

دوو لایەن لە بەکارهێنانی نینادا هەیە بۆ بڕدەرخەرەکان کە نمونەی ئەو بەکارهێنانەیە لەلای ژمارەیەکی زۆری منداڵان، کە هیچ چارەسەر نەکراوە لەلای ئەرستۆ وزۆر کەمیش باسکراوە لە ترادسیۆنی ژیربێژیی (لۆجیکی)دا لای فرێج هەتا ئەمڕۆ.

1-بڕدەرخەرە (بونگریی/وجودیی) و(جیهانی/گەردوونی)یەکان هەردووکیان، بەتایبەت وجودیەکان، زیاتر لە حاڵەتی بەرکاردا دەردەکون وەك لە حاڵەتی بکەر. ئەم حاڵەتە سروشتیە بەتایبەت لە وتنی فەرمان ودەربڕینی ویست وپێویستیدا، وبریتیە لە لۆجیکی ئەو دەربڕینانەی پشتگوێ خراون هەتا ئەم دواییانە لە پەرەسەندنی تیۆری لۆجیکیی ئاشکرادا.

2-بڕەرخەری جیهانیی بەزۆری پێکبەستراو بەکاردێت لەگەڵ ئامرازی ناساندندا، نەك ئەوەی بەشێوەیەکی بێسنوور بەکار بهێنرێت. بۆ نمونە کە نینا دەڵێت (هەموو ئاژەڵەکان وەهایان کرد) ئاماژە بەو ئاژەڵەکانی یاری منداڵان دەکات لە سیاقە هەنووکەییەکەی لای خۆیدا. هێزی ئامرازی ناساندنەکەی یان ئاوەڵناوە دەرخراوەکە ئەوەیە کە بڕەدرخستنە جیهانییەکە سنووردار بکات بەو بڕەی لە سیاقەکەدا لەبەردەستیدایە، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە سنووردارکردن بەشێوەیەکی شیاو بۆی دەگەڕێتەوە. هەربۆیە بەکارهێنانی کرداریی بڕەدرخەر بریتیە لە (هەموو .......ەکە) نەك (هەموو ......ێك). ئەمە زۆر بەکەمیی ئاماژەی پێکراوە لە تیۆری لۆجیکییدا بەڵام بەباشیی ئاشکرایە لە ئاخاوتنی نینادا. من پێم وایە سیمانتیك لە ئاسانترین باردایە ئەگەر بڕەدرخەرەکان بچنە ئاستی باڵاوە لە درەختی داتاشیندا، نەك لە ئاستی ئەو ئاوەڵناوانەدا کە بەشێکن لە گرێی ناویی.

### 7\2 هەڵوێستە تەواوکارییەکان

جیاکاریی هەیە لە نێوان زمانێکی درێژکراوە لەگەڵ زمانێکی مەبەستدارانە. روونترین بەکارهێنانی مەبەستدارانەی زمان لە نمونەی دەربڕینی پێویستبوون وومومکینبوون وهەڵوێستی تەواوکارییدا دەبینرێت. لەو هەڵوێستانە وەك گوزارشت لە بیروباوەڕ وپێویستیی وخواستەکان وچاوەڕوانیەکان وترسەکان، کە بە کۆمەڵێك فرمانی جۆراوجۆر دەردەبڕێن لە هەر زمانێکی سروشتیدا. هیچ یەکێك لە فۆرمی فرمانی بڕوا یان ناوی بیروباوەڕ یان مومکینبوون یان پێویستبوون لە نمونەکانی نینادا نەهاتۆتە ئاراوە. بەڵام نمونەی زۆری دەربڕینی هەڵوێستی تەواوکاریی بەتایبەت وەك خواست وپێویستیی هەیە سەرباری زۆر گوزارشتی (لەبەرئەوەی، یان لەبەر-). هەندێك لێڵیی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی گرێی ناویی پێبەخشراو (attributive) لەگەڵ گرێی ناویی سەرچاوەیی (referential)، کە لە نمونەکانی نینادا لێڵی هەیە لە بەکارهێنانی گرێی ناوی لەگەڵ ئامرازی نەناسدا، بەڵام لەگەڵ ئامرازی ناسێنەردا نیە.

کاتێك پروشە دەڵێت (نامەوێت بلوزێك لەبەر بکەم) راڤەیەکی سیمانتیکی ئەم دەربڕینە ئەوەی کە مومکینە جیهانێك هەبێت کە تیایدا پروشە بلوز لەبەر ناکات وئەو دەیەوێت لەو جیهانەدا بێت. بەگشتیی کە نینا دەڵێت (من ....م دەوێت)، دەکرێت ئەو سیمانتیکە راڤەیەکی دیاریکراوی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای خواستی ئەو بۆ جیهانێکی راستەقینە کە داتاشرابێت لە چەند جیهانێکی مومکینەوە، و ئەو داوای ئەو کردارانە دەکات کە وا دەکەن ئەو جیهانە بێتەدی. واتە ئەو داوایەی نینا بریتیە لە ئەرکێك لە چەند جیهانێکی مومکیندا کە تیایدا ئەو ویستە رازیی کراوە بە بەهاکانی راستەقینەیی. بەڵام من ئەم شیکردنەوەیەم بەلاوە پەسەند نیە کە بەلای شیکردنەوەی (ریچارد مۆتاگ)ەوە پەسەندە. من پێم باشترە تایبەتمەندیە پێکهاتەییەکانی رستەیەك بەشێکی تەواوکاریی بن لە گوزارشتی واتای رستەکە. چونکە ئەو راڤەکردنەی پێشتر رێزمانی گوزارشتە گوتراوەکە پشتگوێ دەخات وتیرۆێکی ئاڵۆزتری بنیادنراو لەسەر تیۆریی جیهانە مومکینەکانمان پێویستە. چونکە هەر ئەوەندەی لە یەك جیهانەوە هەنگاومان نایە جیهانێکی تر، ئیتر ئاوەڵناوی سادەی وەك (سوور) چیتر واتای فەرهەنگیی ئەو جیهانەی یەکەم نادات، بەڵکو هی جیهانی دووەم دەدات، وەك ئەو شتانەی کە لەو جیهانەی دووەمدا سوورن.

رەنگە زۆربەتان هەست بكەن لە پرسیارە دەروونیەكانەوە بەرەو فەلسەفیەكان رامكێشاون كە پەیوەندییەكی كەمی بە بیر وكردار وزمانی نیناوە هەبێت، بەڵام ئومێدەوارم حاڵەتەكە ئەمە نەبووبێت. دەروونناسان بەزۆریی ئاڵۆزیی ووردەكارییەكانی دەربڕینی هەڵوێستە تەواوكارییەكانی گەنج ومنداڵان پشتگوێ دەخەن. ئەوەی من ویستم بۆ ئێوەی دەربڕم ئەوەیە كە كۆمەڵێك تیۆر وجیاكاریی ورد هەیە كە دەكرێت بەشێوەیەكی كاریگەر بەكاریان بهێنین بۆ تێگەشتنی باشتری سیمانتیكی ئاشكرای ئاخاوتنی منداڵ. تەنانەت لە تەمەنی دوو بۆ سێ ساڵییشەوە، هەموو كێشە سیمانتیكیە پەیوەندیدارەكان لەگەڵ هەڵویستی تەواوكارییدا سەرهەڵدەدەن، كە بەمەش تیۆرێكی درێژەدار ووردەكار دەستەبەر دەكەن بۆ ئاخاوتنی منداڵ.

## 8\2 سەرەنجام وداڕشتنەوە

ئێستا ئاماژەكانمان لەبارەی سەرەنجامە لۆجیكیەكان بە گفتوگۆیەكی سایكۆلینگویستیكی( زمانەوانیی دەروونیی )ەوە دەبەستینەوە دەربارەی ( داڕشتنەوە ) وئەوەی كە چۆن كێشەكانی دارشتنەوە سەرهەڵدەدەن لە شیكردنەوەی سیمانتیك ئاخاوتنی منداڵدا. ئەوەی لە ئەزموونە تاقیگەییەكاندا دەربارەی توانای داڕشتنەوە بەكار دێت، بریتیە لە پێوەرێكی سیمانتیكی نەك سینتاكتیكی. كاتێك نینا شتێك دەڵێت كە بە گوێی ئێمەی پێگەیشتوو نارێزمانییە، هەمیشە ئاسانە بۆمان كە دای بڕێژینەوە ئەگەرچی لە سیاقەكەشی بێئاگا بین. لەلایەكی تریشەوە، رەنگە تەنانەت لەناو سیاقیشدا ئەم رستەیەی تری نینا گرانییمان بۆ دروست بكات: ( من دەمەوێت ئەمە پاشەكەوت بكەم بە هەمان كات ).

دەكرێت بڵێین دوو رستە لە رووی ( دارشتنەوە )وە پەیوەندیدارن بە كەمكردنەوەی مۆدێلەكانەوە ئەگەر هەردووكیان بەتەواویی رازی كران لە هەمان مۆدێلی كەمكراوەی خوارووتردا، كە ئەمش بە سەرەنجامی كەمكراوە ( R-consequence ) ناودەبەین. ئەمەش سەرباری دارشتنەوە، لە شیكردنەوەی پرسیار ووەڵام لە ئاخاوتنی منداڵیشدا دەكرێت بەكار بهێنرێت، بۆ وەسفكردنی كۆمەڵە وەڵامێكی راستی پرسیارێك لەرووی سیمانتیكییەوە. ئەم نووسینە بە دەرەنجام ئەگەیەنین بە گفتوگۆیەك دەربارەی سێ جۆر لە كێشەكان: 1- كێشەكانی سیاق، 2- كێشەكانی پرۆسە، 3- كێشەكانی راستگەریی ( verification ).

## 8\2 كێشەكانی دەق ( سیاق )

كاتێك ئاگا دەڵێت ( **من هەندێكی تریشم دەوێت** ) یان ( **منیش تۆزێكم دەوێت** )، ئەژماری سیمانتیكیی ئەم گوتراوانە پشت دەبەستێت بە سیاقی گوتنەكە. ئەم پشتبەستنەش بە سیاق تەنها تایبەتمەندیی گوتەی منداڵ نیە، بەڵكو هی ئاخاوتنی لەخۆوەیی خەڵكانی پێگەیشتووشە، كە دژ دەستنەوە لەگەڵ گوتراوەكانی زمانی فەرمییدا كە تایبەتمەندییان لەخۆگرتوو وناكاتییە. لەلایەكی تریشەوە، درێژەدان لەسەر باسی سیاق بۆ ئەوەی ئەژماری ئەوە بكەین كە نینا وێنای دەكرد یان یادی دەكەوتەوە لەو كاتەدا كە قسەی دەكرد، دەكاتە ئەوەی كە چوارچێوەی سیمانتیكی كلاسیكیی فراوان بكەین بۆ ئەوەی كە ئەو چەمك وداخوازییانە لەخۆ بگرێت كە بۆ ساڵانێكی زۆر لەلایەن دەروونناسانەوە پشكنینی تێدا كراوە. خستنە پاڵ یەكی ئەوەی لەبارەی یادكەوتنەوە وئیدراكەوە دەیزانین لەگەڵ ئەو پێكهاتە سیمانتیكیەی زماندا كە ئێمە هێڵە گشتیەكانیم خستەروو،

ئەمە ئەو ئەرکە تیۆرییە هەرە گەورەیەیە کە هێشتا دەستی پێ نەکراوە، کە مۆدێلێکی دەروونناسیی دەوڵەمەندتر بنیات بنرێت لەسەر کردەی زمانیی ئاگا ومنداڵانی تر.( Patrick Suppes : 2002 :85 )

**2\9 کێشەکانی پرۆسەی ( ئەنجامدان)**

بنیاتنانی ئەو مۆدێلەی باسکرا، دەمانباتە سەر بەهەندگرتنی پرۆسە. رەخنەیەکی گونجاومان لە تیۆری سیمانتیکی بریتیە لەوەی بەهەندگرتنێکی جددی نیە بۆ پرۆسێسکردن. لە هەوڵی تێگەیشتن لەو کێشەیە وئەوەش کە چۆن سیمانتیکی تیۆری مۆدێل جێبەجێ بکرێت بەسەر بەرهەمهێنانی راستەقینەی ئاخاوتندا، روومانکردە کێشەی جێبەجێ کردنی سیستمی بەردەوامی وەڵامدانەوەی- پرسیار لە سیستمی کۆمپیوتەرەکەماندا. رێگەیەکی وەسفکردنی ئەمە بریتیە لەوەی کە بڵێم سیمانتیکی تیۆریی مۆدێل هەڵە نیە، بەڵکو دەبێت فراوان بکرێت بۆ ئەوەی مۆدێلێکی کارا وەربگرێت، بۆ بیرۆکە جێگیر وبگرە دینامیکیەکان دەربارەی ئەو ریزبوونەی ئەرکەکانی پێ داوا دەکرێت، ورەهەندی تر لە بنیاتنانی راڤەکەری زمانی کۆمپیوتەردا.

**2\10 کێشەکانی راستگەریی (verification) پشتڕاستکردنەوە**

وەك لە دەروونناسییشدا وەهایە، شتێکی دەگمەنە بتوانین تیۆرییەك بنیات بنێین کە بۆ هەموو لایەنەکانی پرۆسە دەروونییەکە گونجاو بێت. ئەم ناتەواوی وگرانییە بۆ زمانیش هەروایە. راستگەریی لە تیۆرێکی سیمانتیکییدا زۆر گرانترە لە راستگەریی لە تیۆرێکی رێزمانییدا. راستگەریی ئەو ئەرکە سیمانتیکیەی دەدرێت بە یاساکانی بەرهەمهێنانی رێزمان ئەوەندە ملکەچ نیە بۆ ئەو راستەوخۆبوونە. لە پشکنینی هەر تیۆرییەکدا هەندێك رووبەر هەیە بۆ حوکمدانی پێشبینیکراو کە ناکرێت کورتبکرێتەوە لە هێڵکاریی (خواریزمیی)ەکی راستگەریی فەرمییدا، سیمانتیکی ئاخاوتنی منداڵیش ئەم شیکردنەوەیەی بەسەردا دەگونجێت. بەهەمان شێوە، کێشەی سەرەکیی راستگەریی کێشەیەکی وردە وبەئاسانیی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

لەبەر ئەو گرانییە بوو کە ئێمە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەریی وەڵامدانەوەی پرسیارمان بۆ پرسیار و داخوازییە ماتماتیکیەکانی قۆناغی سەرەتایی نووسی، چونکە رەزامەندیی پێشبینیکراو وتێگەیشتن لەو پرسیار وداخوازییانە تایبەتمەندییان روون وبەئامانجکراو بوو، هەروەها راستکەوتنەوەی سیمانتیکە ژێربەژێرەکەشی شیاوی پشکنینێکە کە هاوڕایی جیهانیی لەسەر بێت.

**ئەنجام**

1-دابەشکردنی قۆناغەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمان لای منداڵ بە پێی ساڵ و گۆڕانی فسیۆلۆجی جەستەیی ناتەواو دەبێت , چونکە گەشەی زمانی منداڵێك جیاوازە لەگەشەی زمانی منداڵێکی تری هاوتەمەنی , هەروەها مەرج نیە کەشەی زمان و گەشەی جەستەی هاوکات بێکەوە رووبدەن, جاری واهەیە منداڵ پیش پیگرتن و گاگۆڵکێ یاخود داندەرهێنانی فێری زمان دەبێت و هەندێ جاریش پرۆسەکە بە پێچەوانەیە .

2- باشترین دابەشکردن بۆ غۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالٚ , ئەودابەشکردنەیە کەبە پێی گەشەی توانای عەقلی منالٚ کراوە, لەو ماوە ئاساییەی کەبۆی دیاریکراوە.

3-لە داتای( پروشە ) دا, دەردەکەوێت کە منالٚ ئەگەر لە کۆمەلٚێکی نائارام لە رووی سیاسیەوە, بژی ئەوا فەرهەنگی زمانی زۆر دەولٚەمەند دەبێت لە وشەی سیاسی و کۆمەلاٚیەتی و هەزاران زاراوەی کارگێری و چینایەتی, کەلەوانەیە منالٚێکی هاوتەمەنی و لە کۆمەلٚێکی تردا گەورە ببێت بە دەسالٚیش دوای ئەو اتەمەنە توانای نەك تێگەیشتنی , بەلٚکو فێری وتنیشیان و ببێت, وشەی بنەما لای پروشە تەنها لەبەر کردن نییە و بەلٚکو تێگەیشتنە بە شێوەیەکی تەواو لە واتای تەواوەتی وشەکە, ئەمەش لە زانستدا بە نائاسایی دادەنرێت( up normal ).

سەرچاوەکان


- محمد معروف فەتاح, ( 1990 ) , زمانەوانی , چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین , هەولێر.
- دانا تحسین محمد( 2008 ) , نەخۆشی زمانگرتن لە نێو مندالاٚنی کورددا, نامەی ماستەر, کۆلێژی پەروەردە, زانکۆی سەلاحەدین.
- تارا عبداللە سعید( 1989 ), واتاسازی وشە, نامەی ماستەر, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین.
- ت. مجيد تاماشطة( 1986 ) علم الدلالة السلوكي, دائرة الحرية للصناعة, بغداد.
- احمد مختار عمر( 1982 ), علم الدلالة,مكتبة دار العروبة للنشر وتوزيع , جامعة الكويت.
- رشا ابو ئيلان : متي يتكلم الطفل 21 اكتوبر 2014 ( . http://mawdoo3.com
- ساجدة ابو صوى: مراحل نمو الطفل في سنة الاولى :12 ابريل 2017 http://mawdoo3.com
- سناء دويكات:ماهو سن الطبيعي للكلام عند الطفل: 26 فبراير
- http://mawdoo3.com
- عائشة اسامة: لماذا يبكي اتطفل عند الولادة: 4 ديسمبر 2014 http://mawdoo3.com
- عزيز سمارة – عصام النمر- هشام الحسن, نمو الغوي عند الطفل, مصدر كتاب( السايكولوجية الطفل ) 2008\4\19 . http://www.alukah.net
- محمد الزين, مراحل النمو اللغوي عند الطفال: 29\9\ 2006. .http://www.werathah.com\special\lang\miletone.htm
- laura Wagner , 2015, semantics , Acquisition , ohio State University .
- Patrick Suppes 2002, The Semantics of children s Language, Stanford University.
- Tomaseiio, M.(2001) , Perceiving intention and learning words in the second year of life –In Bower man, M and Levinson ,S,(eds) Language aequisition and conceptual development , Cmpmbridge University press.

- طالب حسێن على( 1998 )، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستەو واتـا لە كوردیدا ,تێزی دكتۆرا , كۆلیژی ئادابو زانكۆی سەلاحەدین.
- محمد البكري( 1986 ),مباديء في علم الدلالة,دار الشؤون الثقافية العامة. افاق عربية, بغداد
- نوال كريم زرزور( 1988 ) , ابن الجني وعلم الدلالة,رسالة الماجستير, كلييةت الادب, جامعة المستنصرية.
- أميمة نصار , مجلة( سيدتي ) سألت الإختصاصية في علم النفس الدكتورة ابتسام الشباوري عن كيفية نمو القاموس الغوي http://www.sayidaty.net
- ايفي مزيدة بخاري( 2013 ) , اكتاب اللغة, رسالة ماجستير, جامعة جامعة مولانا مالك إبراهيم الإسلامية الحكومية مالانج.
- نورا شيشاني : مراحل اكتساب اللغة عند الطفل:13 نوفمبر 2013 http://mawdoo3.com



**المستخلص**

لعل من اكثر الطرق وضوحا لنقل اللغة للمعنى هي الكلمات،حيث تحتوى كل للغـــة على الالاف من المفردات و الكلمات التي تشير الى معاني و مفاهيم تتراوح مابين الملموسة و العادية.اصبح الاهتمام باللغة ،خاصة لغة الاطفال ،شغلا مركزيا في علم النفس المعاصر . هذا الاهتمام يثير الدهشة الى حد ما ،لان الجميع يدرك تماما التعقيدات الكثيرة لاستخدام اللغة و تطور اللغة عند الاطفال.

يتكون البحث من فصلين ،الفصل الاول: يتضمن مراحل تعلم اللغة(لغة الام ) عند الاطفال و العوامل التي تؤثر على تطوراللغة عند الاطفال.

الفــصل الثـــاني : يتضمن كيفية ربط المفردات بمعانيها من قبل الاطفال،عن طريقة الحقول الدلالية الخاصة بهم


## The Semantics ۆf Children Language


### Abstract

Interest in language, especially that of children, has become a central concern of contemporary psychology. This interest is somewhat surprising, because everyone recognizes the enormous complexity of language use and language development in the Child

This research deals with the semantics of children s speech in terms of the stages of learning language (mothers tongue), and the factors which affect the development of children s language, in the first part. how they join the words with the meaning throw their own semantics fields, in the second part.